# دیموکراتیی! یان خەو؟

## نەوزاد وەلی

*دیموکراتیی .. زاراوەیەکی کۆنی گریکییە و مێژووی ئەگەڕێتەوە بۆ پێنج سەد ساڵ پێش زایین.

گەلانی ئەوروپا بە شەو و ڕۆژێك نەبوون بە دیموکرات ، بەڵکوو خەبات و قوربانییدانی دەیان سەدە گەیاندوونی بەم قۆناغەی ئەمڕۆیان.

دیموکراتیی شتێك نیە کە مرۆڤ بیکڕێت یان پەیدایبکات ، جلوبەرگ نیە بپۆشرێت ، قسە نیە بکرێت ، کاڵا نیە بفرۆشرێت ، ئەوە نیە کە زۆربەمان لێی تێگەیشتووین!.

ئەم زاراوەیە پێش 2500 ساڵ بریتی بوو لە (دیمو ـ واتە گەل) و (کرات ـ واتە دەسەڵات یان حوکم) ، حوکمی گەل ، بەڵام ئەمڕۆ کار لە حوکمی گەل تێپەڕیوە و لەم 2500 ساڵەدا گۆڕانکارییەکی زۆر بەسەر مانا و ناوەڕۆکی ئەم زاراوەیەدا هاتووە و هەموو ژیانی مرۆڤایەتی گرتووەتەوە و بووە بە یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی (ڕەوشت)ی مرۆڤایەتی چ وەك تاك و چ وەك کۆمەڵگا.

هیچ کاتێك لەم ماوە دور و درێژەدا کە ئەم زاراوەیە پەیدابووە ، ئەوەندەی ئەمڕۆ مرۆڤ ئاشنا و سەرقاڵی دیموکراتیی نەبووە ، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەرئەخات کە هیچ سەردەمێك وەك ئەمڕۆ مرۆڤ شەیدای ژیانی ئاسودەیی نەبووە. مرۆڤ ڕۆژبەڕۆژ زیادتر هەست بە (کورتیی) ژیان ئەکات ، بۆیە ئەیەوێت ئەو ماوە کورتەی ژیانی بە خۆشیی و کامەرانیی بباتەسەر.

چل ساڵێك ئەبێت کە گەلانی عێراق و کوردیش لە باشوری وڵاتدا چاویان لەوە بووە کە تروسکاییەك کەمێك شەوەزەنگی بەعسیان بۆ ڕوناك بکاتەوە ، بەڵێ لە کاتێکدا بۆ تروسکەیەك بە ئاواتەوە بوون ، وا خۆری ئازادییان بۆ هەڵهات.

زۆرێك لە سیاسییەکانی عێراق لایان وابووە و ئێستاش هەر لایان وایە کە بە نەمانی بەعس عێراق ئەبێت بە وڵاتێکی دیموکرات!!! کلۆڵییەکەی ئێمەش لەوەدایە کە زۆربەی سیاسییەکانی باشوری وڵاتمان کەوتوونەتە ئەم گێژاوی (دیموکراتیی بۆ عێراق)ـەوە و پڕ بە دەم بانگەشەی بۆ ئەکەن و لەتاو دیموکراتیی بۆ عێراق ، ناپرژێنە سەر کوردستانەکەی خۆیان.

ئەو سیاسییانەی کورد ئەو ڕاستییە مێژووییەیان فەرامۆش کردووە کە بە نەمانی دیکتاتۆرێك ، ڕژێمەکەی بە ئەوتۆماتیکیی نابێت بە دیموکراتیی!.

گۆڕینی سیستمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە هەرچ شێوازێکەوە بێت بۆ سیستمی دیموکراتیی ، پرۆسێسێکی مێژووییە و ئەگەر جاران سەدان ساڵی ویستووە ، ئەوا ئەمڕۆ لە سایەی پێشکەوتنی تێکنۆلۆجیا و گلۆڵەوە ، هەر دەیان ساڵێکی ئەوێت.

ئەو بنەمایانەش کە ساکارترین بنەماکانی دیموکراتیین ، بریتین لە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت ، دەستور ، پەرلەمان ، یاسا ، دابینکردنی مافی ئافرەت و تاکی کۆمەڵ و پاراستنی ئەو مافانە بە یاسا و بە پراکتیك ، ئازادیی ڕادەربڕین و کۆبوونەوە و خۆپێشاندان و نارەزایی دەربڕین و..تد.

دیموكراتیی لـە عێراقدا ئاواتی هەموو مرۆڤێكی دیموكراتخوازە ، بەڵام بەگوێرەی ئەو دیاردە مێژووییانەی ئەمڕۆ هەن ، دیموكراتیی لـە عێراقدا زیادتر لـە خەو و خەیاڵ ئەچێت وەك لـە ڕاستیی!

ئایا تاكە یەكێك لـەو بنەمایانە بە زەڕەبینیش ئەبینرێت لـە 22 دەوڵـەتە عەرەبییەكان و وڵاتانی ئیسلامیی و ناوچەكەی ئێمەدا؟

ئەوەتا لـە سعودییەی پێشەنگی ئیسلام و عەرەب ، بۆ یەكەم جار لـە مێژوویدا بڕیاردرا كە هاووڵاتییانی ئاسایی (واتە ئەوانەی كە سەر بە بنەماڵـەی پاشا و ئەمیرەكان نین!) بۆیان هەبێت هەڵبژێررێن بۆ (تەنیا) بەڕێوەبەرایەتییەكانـی (هەندێك) لـە شارەوانییەكان ، (بەڵام) نابێت لـە هیچ شارەوانییەكدا (ژمارەی) هاووڵاتییانی (ئاسایی) لـە (شەش) كەس تێبپەڕێت!!!

باشە ئەگەر ئەم (دەستكەوتە مەزنە مرۆڤایەتییە!) بە 1400 ساڵ و پاش هەڕەشەی ئەمێریكا و ڕۆژئاوا و گلۆڵـە هاتبێتە ئاراوە ، ئەی ئەبێت چەند سەدەی تری بوێت تا سعودییەكان ئەگەنە لـێواری دەریای دیموكراتیی؟

لـە هەموو دنیای عەرەب و ئیسلامدا دادوەرێكی ئافرەتی نەبووە و نیە! لـە هەموو وڵاتانی كەنداو و دورگەی عەرەبدا ئافرەتێك لـە پەرلـەمانێكدا نیە! لـە هەڵبژاردنی پێشووی پەرلـەمانی ئوردوندا ، ئافرەتێك هەڵبژێررا ، بەڵام پاش سێ مانگ و لـەبەرئەوەی كە ڕەخنەی لـە بنەماڵـەی پاشا گرت ، دادگای بەرزی ئوردون سزای ساڵ و نیوێك زیندانیی بەسەردا سەپاند!!!

لـە هەموو دنیای عەرەب و ئیسلامدا جیابوونەوەی خێزان (تەڵاقدان) ، تەنیا مافی پیاوە ، ئەگەرچی لـە وڵاتی میسر ئەمساڵ هەوڵیانداوە و ئەو یاسایەیان گۆڕیوە ، بەڵام بە هەزار و یەك مەرج كە هیچ لـە باسەكە ناگۆڕێت و نەبوونی ئەو یاسایە لـە بوونی باشترە! بۆ نمونە: لـە دوای دەرچوونی ئەم یاسایەوە ، لـە ماوەی یەك مانگدا 48 هەزار داوای تەڵاق لـە ئافرەتانەوە پێشكەش بە دادگاكان كراون ، بەڵام تەنیا و بۆ چاوەزار چەند داوایەك جێبەجێكراون!

لـە باشوری وڵاتماندا لـەگەڵ هەموو كەموكوڕییە سیاسی و بەڕێوەبەرایەتییەكاندا ، لـە ماوەی تەنیا دە ساڵـی نیوەئازادییدا كۆمەڵـگای كورد گۆڕانكارییەكی وای بە خۆیەوە دیوە كە ئەتوانین بڵـێین زیادترە لـەو گۆڕانكارییانەی كە لـە ماوەی 1400 ساڵدا بەسەر ناوچەكەدا هاتووە. تەنانەت هەندێك لـەو پێشكەوتنانەی كە لـە باشوری وڵاتماندا ڕوویانداوە (ئەگەرچی بەگوێرەی پێویست نین) ، وەك لـە بواری مافی ئافرەتدا و ئازادیی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریی ، ئەوا لـە دەیان ساڵـی ئایندەدا لـە هیچ وڵاتێكی دەوروبەری كوردستاندا ڕوونادەن.

هەمووما ئەو ڕاستییە باش ئەزانین كە ئەگەر كاریگەریی كلتوری بەعس و ئیسلام و ناوچەكە نەبێت بەسەر سیاسییەكانی كورددا ، ئەگەر شەڕی ساڵـەهای ساڵـەی خۆكوژیی نەبوایە ، ئەوا لـەم دە ساڵـەدا كوردستان ئەبوو بە پێشەنگی گۆڕانكاریی و پێشكەوتن و شارستانیی لـە تەواوی ناوچەكەدا.

ئەوەی لـەم دە ساڵـەدا لـە باشوری وڵاتدا ڕوویداوە (وەك وتمان بە بێ گوێدان بە كەموكوڕییەكان) ، سیمایەكی گەشی شارستانیی كوردە ، نیشانەی ئەوەیە كە گەلی كورد توانای خۆگونجاندنی هەیە لـەگەڵ هەموو بارودۆخێكدا و هەر ئەوەشە وای كردووە كە تا ئێستا بەرگەی هەموو جۆرە سیاسەتە شۆڤێنیستیی و چەوسانەوە و جینۆسایدەكانی سەدان ساڵـەی داگیركەرانی كوردستان بگرێت.

لـەم دوانزە ساڵـەی ڕابوردوودا ئەو ڕاستییە دەركەوت كە گەلی ئێمە بە بەراورد لـەگەڵ گەلانی ناوچەكەدا ، زیادتر توانای هەڵكردنی هەیە لـەگەڵ بنەماكانی دیموكراتییدا و ئەگەر دراوسێكان و سیاسییەكانی خۆی لـێیبگەڕێن! ئەوا هەنگاوی مەزن ئەنێت بەرەو دنیای شارستانیی و دیموكراتیی. ئەگەر دوژمانی كورد لـە هیچی كورد نەترسن ئەوا لـەم ڕاستییە تاڵـە ئەترسن ،

بۆیه ئۆقره به خۆیان ناگرن و به هەموو شێوەیەك دژایەتی كورد ئەكەن ، چونكه لێرەدا باسەكه تەنیا باسی خاكی كورد نیه ، بەڵكوو كێشەكه لەوەدایه كه ئەگەر بهێڵن كورد به ئازادیی بژی ، تەنانەت لە بارودۆخی (حوكمی زاتییەكەی جارانیشدا) ، ئەوا هەر ئەبێت به مەشخەڵی شارستانیی لە ناوچەكەدا و كاریگەریی ئەبێت لەسەر دراوسێكانی ، لەڕاستییدا ئا ئەمەیە كه دراوسێكانی تۆقاندووه ! .

دیموكراتیی لە عێراقی ئیسلام و شیعەدا ، لە پەنجا ساڵی ئایندەشدا ، لە خەو و خەیاڵ زیادتر نیه !

بۆیه ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێك زیادتر پێویسته لەسەر سیاسی و ڕۆشنبیرانی كورد كه لە گێژاوی عێراق و عێراقچێتی دەربچن و ئەوەندەی به عێراقەوه خۆیان خەریكئەكەن ، با به باشوری وڵاتەكەی خۆیانەوه خەریكببن و كوردیش به گۆتره نەیوتووه : تا ماڵ وەستا بێت ، مزگەوت حەرامە.

* ئەم بابەته لە ژمارە 128ی گۆڤاری بەربانگ لە ساڵی 2003دا بڵاوكراوەتەوه